هەرێم: پێستانی غاز بە ویستگەکانی غازی بەرهەمهێنانی کارەبا ئاسایی بووە

وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، دوای کەمبوونەوەی پێستانی غاز لە کێڵگەی کەرمێر و کەمبوونەوەی کارەبا، لە کاتژمێر 8:00ی بەیانییەوە پێستانی غاز بە ویستگەکانی غازی بەرهەمهێنانی کارەبا ئاسایی بووە و ئێستا 3750 مێگاوات کارەبا بەرهەمدێت.

وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم، ئەمە شەممە لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، لە کاتژمێر 8:00 بەیانییەوە پێستانی غاز بە ویستگەکانی غازی بەرهەمهێنانی کارەبا ئاسایی بووەوە.
ئاماژەی بەوەشکرد، کەمپانیای دانەغاز چاکسازییەکانی لە کێڵگەی کەمە تەواو کرد و ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا ئاسایی بووە و ئێستا 3750 مێگاوات کارەبا بەرهەم دێت.
ئەوە لەکاتێکدایە شەوی ڕابرد وەزارەتی کارەبا لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، هاوبەشانی کارەبا ئاگادار دەکەینەوە لە چوارچێوەی پەرەپێدانی کێڵگەی کەرمێر بە بەرهەمهێنانی غاز، بە ماوەی 10 کاتژمێر پێستانی غاز کەمبووتەوە و بەهێوە 750 مێگاوات کارەبا کەمبووتەوە.